RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 12th January 2026 Accepted: 09th March 2026 Published online: 20thSeptember2026

Creative Awareness Among Kindergarten Teachers in the Center of Duhok Governorate

Gilavezh Hussein Taher[1] - **Sozan Mohammed Rasu**[2] - **Shajwan Abdulla Ahmed**[3]
gilavezh.taher@uod.ac- sozan.muhammedrasu@uor.edu.krd - shajwan.abdulla@uor.edu.krd
[1]Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Duhok, Duhok, Kurdistan Region, Iraq.
[2+3]Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

This study aims to investigate the levels of creative awareness among kindergarten teachers in Duhok Governorate and to identify statistically significant differences based on the variables of academic qualification, specialization, and years of service. The researchers adopted a descriptive methodology as it aligns with the nature of the study. The research population consisted of 746 kindergarten teachers, from which a sample of 75 teachers was selected using a random sampling method. To achieve the study's objectives, the Al-Mahdawi (2010) scale was employed as the research instrument, and data analysis was conducted using the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS). The results indicated that kindergarten teachers in Duhok Governorate possess a high level of creative awareness. Furthermore, the findings showed no statistically significant differences in creative awareness based on academic qualification or specialization. However, significant differences were observed regarding the variable of years of service (comparing 15 years or less to more than 15 years), favoring teachers with more than 15 years of experience. Based on these results, the researchers presented several recommendations and suggestions to the relevant educational authorities and stakeholders.

Keywords: Awareness, Creative Awareness, Kindergarten, Teacher, Duhok Governorate.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک

گلاڤێژ حسین طاهر[1] - سۆزان محمد رسو[2] - شاجوان عبدالله احمد[3]
[1]بەشێ باخچێ زاروکان، پەروەردا بنیات، زانکویا دهوک، دهوک، کوردستان، عیراق.
[2+3]بەشی باخچەی منداڵان، پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، کوردستان، عێراق.

پوختە:
ئامانجی توێژینەوە زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای دهۆک، زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای دهۆک بەپێی گۆڕاوی (بڕوانامە و پسپۆڕی و ساڵانی خزمەت)، توێژەران ڕێبازی وەسفیان بەکارهێناوە چونکە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوە،کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای دهۆک کە ژمارەیان (746) مامۆستایە، توێژەران بەشێوەی هەڕەمەکی نمونەی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد لە باخچەی منداڵان کە پێکهاتوە لە (75) مامۆستا، توێژەران سودیان لە پێوەری (المهداوی،2010) وەرگرتوە، هەروەها توێژەران بەرنامەی (spss) وەکو شێوازێك بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێناوە، دەرئەنجامی توێژینەوە هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای دهۆک لە ئاستێکی بەرزدایە، هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە ئاستی هۆشیاری داهێنان نییە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە و پسپۆڕی، جیاوازی هەیە لە ئاستی هۆشیاری داهێنان لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت (15 و کەمتر-زیاتر لە 15 ساڵ) لە بەرژەوەندی ئەو مامۆستایانەی کە زیاتر لە (15)ساڵ خزمەتیان هەیە. لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی بە دەستی توێژەران گەشتوە توێژەران کۆمەڵێک پێشنیار و ڕاسپاردە ئاراستەی ئەو شوێنانە دەکات کە پەیوەندی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە.

وشە کلیلەکان: هۆشیاری داهێنان، مامۆستایان، باخچەی منداڵان، سەنتەری پارێزگای دهۆک.

1. پێناسەی توێژینەوە:

1.1 کێشەی توێژینەوە:

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، مامۆستایان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە بنیاتنانی نەوەکانی داهاتودا، قۆناغی باخچەی منداڵان یەکێکە لە هەستیارترین و گرنگترین قۆناغەکانی پەروەردە و فێربون، کە تێیدا ژێرخانی کەسایەتی و تواناکانی منداڵ گەشەدەکات، لێرەوە هۆشیاریی مامۆستایان سەبارەت بە پرۆسەی داهێنان دەبێتە پێویستییەک بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە.

هۆکاری سەرەکیی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توێژەران لە ڕێگەی کارکردن و تێبینیی مەیدانییەوە لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا، هەستیان بە هەبونی بۆشاییەک کردوە لە ئاستی هۆشیاریی مامۆستایانی باخچەی منداڵان سەبارەت بە چەمک و شێوازەکانی داهێنان، ئەم ناڕونییە لە تێگەیشتندا ڕەنگە ببێتە هۆی پەیڕەوکردنی شێوازی کلاسیکی و دوبارەبوەوە کە ڕێگربن لەبەردەم دەرکەوتنی تواناکانی منداڵ وەک سامی (2023) ئاماژەی پێداوە، هۆشیاریی مامۆستا بە داهێنان پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی پیشەیی مامۆستا لە باخچەدا.(سامی، 2023، 70)

هەروەها ئەم کێشەیە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر کوالێتی خوێندن و پراکتیزەکردنی چالاکییەکان لەناو پۆلدا، پەیوەندییەک لە نێوان ئاستی هۆشیاریی مامۆستا بە داهێنان و ئەو کارە پەروەردەییانەدا هەیە کە لەگەڵ منداڵاندا ئەنجامی دەدات (سعید، 2020، 88)، ئەم کێشەیە لەوەدا چڕدەبێتەوە، کە سەرەڕای گرنگیی بابەتەکە، بەڵام تا ئێستا توێژینەوەی پێویست لەسەر ئاستی هۆشیاریی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی پارێزگای دهۆک ئەنجام نەدراوە.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: "ئاستی هۆشیاریی داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی پارێزگای دهۆک چۆنە؟"

1. 2گرنگی توێژینەوە:

چەمکی هۆشیاری یەکێکە لەو بابەتانەی کە گرنگی پێدەدرێت لەلای زانایانی دەروونزانییەوە، لەو بابەتانەیە زۆرێک لە نیشانەکانی پرسیار لە لای دەروونناسەکاندا دروست دەکات، چەمکی هۆشیاری تەنها سنوردار نییە بە دابینکردنی چالاکییەکان بە شێوازی چێژبەخش،

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ باشـــترکردنی کوالیتی کارلێککردن لەگەڵ منداڵان، و هانیاندەدات بۆ پرســـیار و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و کاری تیمی.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی دەرونی و پەروەردەیی هەستیار کە ئەویش "هۆشیاریی داهێنانە" لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا، چونکە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبنە سەرەتایەک بۆ دابینکردنی زانیاریی وردِ بۆ توێژەران و ناوەندە پەروەردەییەکان بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەعریفییەی لەم بوارەدا هەیە، بایەخی ئەم بابەتە لە لایەنی پراکتیکیشدا دەردەکەوێت، بەو پێیەی هۆشیاریی مامۆستا بە داهێنان پێویستیەکی بنەڕەتییە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی پیشەیی لەناو پۆلدا و کاراکردنی پرۆسەی پەروەردە (سامی، 2023، 71). هەروەها ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ باشترکردنی کوالیتی ئەو بەرنامە ڕاهێنانانەی کە بۆ منداڵان دابینەدەکرێن، چونکە گەشەپێدانی هۆشیاریی داهێنان لای مامۆستایان ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر باشترکردنی جێبەجێکردنی پڕۆسە پەروەردەییەکان (عبدالله، 2019، 149). توێژەران لە ڕێگەی تێبینییە مەیدانییەکانیان و کارکردنیان لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا، پێیانوایە کە جۆرێک لە پێویستی بۆ بەرزکردنەوەی ئەم هۆشیارییە لە سنوری پارێزگای دهۆکدا هەیە، بەتایبەت کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوە لەم ناوچەیەدا ئەنجام نەدراوە، ئەم تێڕوانینە زانستییەی توێژەران وادەکات ئەنجامەکان ببنە بنەمایەک بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە واقیعی پەروەردەیی ناوچەکەدا.

1. 4 ئامانجی توێژینەوە:

1-زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای دهۆک.

2- زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای دهۆک بەپێی گۆڕاوی:

أ-بڕوانامە (دبلۆم-بەکالۆریۆس).

ب-پسپۆڕی (باخچەی منداڵان – پسپۆڕییەکانی تر(کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، وەرزش، هونەر...))

پ-ساڵانی خزمەت (١٥ وکەمتر-زیاتر لە ١٥).

1. 4 سنوری توێژینەوە:

هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک بۆ ساڵی خوێندنی (2025-2024).

1. 5 پێناسەی دەستەواژەکان:

هۆشیاری داهێنان:

- بروج (1988): بەمانای پرۆســەی مەعریفی و هەســتە ســۆزداری و ئەزمونە فســیۆلۆژیانەیە کە هاوڕێی بیرکردنەوەی داهێنەرانەن و تاکەکان ئامادەدەکەن بۆ بەرهەمهێنانی داهێنەرانە (Bruch, 1988, 119)
- کوفمان (2006): توانایەکە بۆ دروستکردنی کارێکی نوی کە پێشتر کەس نەیکردوە بە داهێنان و گونجاندن و بەسودو بێوێنە تایبەتمەندە (کوفمان، 2006،16)
- توێژەران هۆشــیاری داهێنان بەشــێوەیەکی تیۆری لەم توێژینەوەدا وا پێناســەی دەکەن کە: توانای تاکە بۆ ناســینی گرنگی و ڕەهەندەکانی داهێنان لە بواری جیاجیاکاندا بەتایبەتی لە چوارچێوە پەروەردەیەکاندا، ئەم هۆشــیاریە تێگەیشــتنی مامۆســتا لە ڕۆڵی داهێنان لەبەرزکردنەوەی پڕۆسەی پەروەردەیی و هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە نێو تاکەکاندا دەگرێتەوە.
- هەروەها تویژەران هۆشــیاری داهێنان بەشــێوەیەکی ڕێکاری لەم توێژینەوەدا وا پێناســەی دەکەن کە: ئەو پلەیەیە کە نمونەی توێژینەوە بەدەستیدەهێنێت لەسەر پێوەری هۆشیاری داهێنان.

2. چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو:

2. 1 پێشەکی:

هۆشیاری داهێنەرانە دۆخێکی پێشکەوتوی هۆشیارییە کە تاک دەتوانێت بیرۆکەی نوێ هەست پێبکات و چەمکە جیاوازەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و چارەسەری داهێنەرانە پێشبینی بکات، کە پرۆسەیەکی بەردەوامی گەڕان و بیرکردنەوەییە هۆشیاری داهێنەرانە نوێنەرایەتی جەوهەری داهێنانی مرۆڤ دەکات کە بوەتە هۆی پێشــکەوتن لە بواڕە جیاوازەکاندا جا چ لە بواری هونەر، زانســت، بازرگانی، یان تەنانەت لە چارەســەرکردنی کێشــەکانی ڕۆژانەدا لە جیهانێکدا کە بە گۆڕانی بەردەوام و گۆڕانکاری خێرا تایبەتمەندە، پەرەپێدانی ئەم هۆشــیارییە دەبێتە پێویســتییەکی بەپەلە هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆمەڵگا بەشــداری دەکات لە بنیاتنانی داهاتویەکی خۆشــگوزەران و

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

خۆڕاگرتر، لێرەدا وەک توێژەران دەگەینە ئەو بڕوایەی کە هۆشیاری داهێنەرانە تەنها بەهرەیەک نییە، بەڵکو سیستەمێکی فکرییە کە پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار هەیە بۆ ئەوەی گەشەبکات، بەبێ ئەم هۆشیارییە تاک ناتوانێت لەگەڵ خێرایی گۆڕانکارییەکانی سەردەم خۆی بگونجێنێت، هۆشیاری داهێنان لە نێوان ماموستایانی باخچەی منداڵاندا لە تێگەیشتنی قوڵیاندا بەرجەستە دەبێت لەو ڕۆڵە سەرەکییەی کە لە گەشەکردنی گشتی منداڵدا دەیگێڕێت، نەک تەنها لە لایەنی هونەریدا، بەڵکو لە سەرانسەری هەمو ڕەهەندەکانی کەسایەتی مەعریفی و سۆزداری و کۆمەڵایەتیدا، بەشداریدەکەن لە گەشەکردنی توانا داهێنەرەکانیان لە تەمەنێکی بچوکەوە (فاطمة، 48،2020) ماموستایەک کە ئاگاداری داهێنان بێت، ئەو کەسەیە کە دەتوانێت ئەو توانایە ببینێت کە لە منداڵەکاندا هەیە و کار بۆ پەرەپێدانی دەکات لە ڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ خۆدەربڕین و هاندانی بیرۆکەی نوێ ئەم جۆرە هۆشیارییە لە باخچەی منداڵاندا زۆر پێویستە، کە یەکەم بنەماکانی کەسایەتی و توانا مەعریفییەکان و داهێنان پێکدەهێنن (سامی، 72،2023)، بۆیە دەتوانین بڵێین: هۆشیاریی ماموستا بەردی بناغەی پڕۆسەی داهێنانە لە باخچەکاندا؛ چونکە ئەگەر ماموستا خۆی خاوەن دیدگایەکی کراوە نەبێت، ناتوانێت ئەو بۆشاییە داهێنەرەی ناو ناخی منداڵ بدۆزێتەوە و پەرەیپێبدات ئەمەش ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر شانی ناوەندە پەروەردەییەکان بۆ ئامادەکردنی ماموستایانی هۆشیار لە ڕوی داهێنانەوە.

2. 2 پەرەپێدانی هۆشیاری داهێنەرانە:

هۆشیاری داهێنەرانە سنوردار نییە بە بەهرەی بۆماوەیی، بەڵکو کارامەییە کە دەتوانرێت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەردەوام پەرەپێبدرێت (الرفاعی، 64،2021).

1-ڕاهێنان بە وریایی یارمەتیدەرە بۆ هێورکردنەوەی دەرون و کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەروونی، کە تەرکیز زیاددەکات، ڕێگە بۆ بیرۆکەی نوێ دەکاتەوە.

2- خوێندنەوەی بەردەوام لە بواری جیاوازەکان، سەفەرکردن و کارلێککردن لەگەڵ کەسانێک کە خاوەن شارەزاین لە بواری جیاوازەکاندا تێڕوانینەکان فراوانتر دەکەن و خەیاڵ دەوڵەمەندەکەن، کە ئیلهام بەخشە بۆ بیرۆکەی نوێ.

3- مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵە و تەحەدیاتەکان وەک دەرفەتی بەنرخ بۆ فێربون و تاقیکردنەوە لە جێگای ترس، چونکە زۆرێک لە داهێنانەکان لە ئەزمونە شکستخواردوەکانەوە سەریان هەڵداوە.

4- کۆکردنەوەی بیرۆکەکان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو یان کێشەیەک بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ کرابێت، ئەمەش وادەکات کە بە ئازادی بیرۆکاکان دەربڕیت.

5- پاڵنانی خود لە بیرکردنەوەی جیاواز بۆ دۆزینەوەی چارەسەری داهێنەرانە.

6- ڕێگەدان بە دەرون کە بە ئازادی و بەبێ سنوردارکردنی تایبەت بسوڕێتەوە (المهدي، 75،2020)

2. 3 پێکهاتەکانی هۆشیاری داهێنەرانە:

• تێبینیکردن: توانای گرنگیدان بە وردەکارییە وردەکان کە زۆر کەس چاوپۆشییان لێدەکەن، پرسیاری بنەڕەتی و بەردەوام هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی شتەکان (العتيبي، 78،2021)

• کراوەیی بەرامبەر بە ئەزمونی نوێ: ئامادەیی تاک بۆ گەڕان بەدوای بیرۆکە و چەمکە نوێ و ناتەقلیدییەکاندا، بۆ تەحەدای بیروباوەڕە دامەزراوەکان.

• نەرمی و گونجاندن: توانای بیرکردنەوە بە شێوازی ناتەقلیدی، خۆگونجاندنێکی کاریگەر لەگەڵ گۆڕان و بارودۆخی چاوەڕواننەکراو، و گۆڕینی ڕێڕەو یان ستراتیژی لە کاتی پێویستدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە داهێنەرەکان.

• بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان: شیکردنەوەی زانیارییەکان بە قوڵی و بێلایەنانە، دەستنیشانکردنی کێشە بنەڕەتی و ڕەگەکان نەک تەنها مامەڵەکردن لەگەڵ نیشانەکانیان، و پەرەپێدانی ستراتیژی کاریگەر و داهێنەرانە بۆ چارەسەرکردنیان و گەیشتن بە چارەسەری بەردەوام.

• هەستکردن و خەیاڵ: توانای بینینی ئەوەی کە ئەوانی تر ناتوانن ببینن، خەیاڵکردنی چەندین ئەگەری داهاتو و متمانەکردن بە ئیلهامەکانی ناوەوە کە ڕەنگە ببێتە هۆی دۆزینەوە یان داهێنانی چاوەڕواننەکراو.

• خودئاگابون و زیرەکی سۆزداری: تێگەیشتنێکی قوڵ لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کەسی، و هاوسۆزی لەگەڵ کەسانی دیکە، ئەمەش توانای هاوکاریکردنی بەرهەمدارانە و پەیوەندیکردنی داهێنەرانە لە تیم و کۆمەڵگاکاندا بەرزدەکاتەوە. (سالم، 91،2017)

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

2. 4 سودەکانی هۆشیاری داهێنەرانە:

کاریگەری هۆشیاری داهێنەرانە درێژدەبێتەوە بۆ چەندین لایەنی ژیان، بەشداری لە گۆڕانکاری ئەرێنی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا و ئاسۆی نوێ دەکاتەوە:

- گەشەکردنی کەسی: متمانە بەخۆبون بەرزدەکاتەوە، توانای گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان پەرەپێدەدات، هەروەها مانایەکی قوڵ بۆ ژیان زیاد دەکات لەرێگەی چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان و دەربڕینی مرۆڤ بە شێوازی ناوازە و داهێنەرانە (حسن، 2020،142)
- داهێنان لە رێکخراوەکاندا: کۆمپانیا و دامەزراوەکان پاڵدەنێت بۆ پەرەپێدانی بەرهەم و خزمەتگوزارییە نوێ و جیاوازەکان، باشترکردنی پرۆسەکانی کارکردن، و پاراستنی توانای کێبڕکێ لە بازارێکی هەمیشە لە گەشەکردن و گۆڕانکاریدا.
- پێشکەوتنی کۆمەڵگا: بەشداری لە دۆزینەوەی چارەسەری داهێنەرانە بۆ ئاستەنگە گەورەکانی جیهانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا، هەژاری، قەیرانی تەندروستی، و نەخۆشی، کە دەبێتە هۆی کۆمەڵگەی خۆڕاگرتر و خۆشگوزەران و بەردەوامتر بۆ نەوەکانی داهاتو (فارس، 2018،54)
- رێکخستنی شێوازی نوێی وانەوتنەوە: ماموستا داهێنەرەکان دەتوانن چالاکی و یارییە جیاوازەکان دروستبکەن.
- شێوازی فێربون بەپێی پێویست – ماموستا داهێنەرەکان شێوازەکانیان دەگونجێنن بەپێی توانا، حەز و پێویستی کەسی منداڵان.

2. 5 تیۆرییەکانی هۆشیاری داهێنان:

2. 5. 1 تیۆری گیلفۆرد:

گیلفۆرد پێشەنگێکە لە لێکۆڵینەوە لە داهێنان لە ڕوانگەی دەرونییەوە. لە تیۆرییەکەیدا سەرنجی لەسەر بیرکردنەوەی جیاواز بو وەک یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی توانای داهێنەر. گیلفۆرد پێیوایە داهێنان تەنها لە یەک جۆری بیرکردنەوەدا سنوردار نییە، بەڵکو توانای مەعریفی بەرفراوان لەخۆدەگرێت کە تاک بتوانێت چارەسەر و بیرۆکەی فرە و هەمەچەشن بۆ یەک کێشە بەرهەمبهێنێت (جیلفورد، 1967،120)

بیرکردنەوەی جیاواز بە توانای دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە بیرۆکەی بەدیل و هەمەچەشن و پەرەپێدانیان لە خاڵی دەستپێکەوە پێناسە دەکرێت. بیرکردنەوەی جیاواز بە شێوەیەکی گشتی بە چوار پێکهاتەی سەرەکی دەپێورێت: ڕواندنەوە (توانای بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی بیرۆکە)، نەرمی (توانای جوڵە لە نێوان پۆلە جیاوازەکانی بیرۆکە)، ڕەسەنایەتی (توانای بەرهەمهێنانی بیرۆکەی ناوازە و ناتەقلیدی)، و وردەکاری (توانای زیادکردنی وردەکاری و فراوانکردنی بیرۆکە (جمال، 2017،88)

لە چوارچێوەی باخچەی منداڵاندا دەتوانرێت تیۆری گیلفۆرد بەکاربهێنرێت بە هاندانی منداڵان بۆ دروستکردنی چەندین بیرۆکە لە کاتی چالاکییە جیاوازەکاندا، وەک پێشنیارکردنی بەکارهێنانی جۆراوجۆر بۆ یەک شت یان دۆزینەوەی چەندین چارەسەر بۆ کێشەیەکی سادە (کریم، 2016،95)

وەک توێژەران پێمانوایە، گرنگی تیۆرییەکەی گیلفۆرد لەوەدایە کە داهێنان لە چەمکێکی نادیارەوە دەگۆڕێت بۆ کارامەییەکان، جەختکردنەوە لەسەر (بیرکردنەوەی جیاواز) لە باخچەی منداڵاندا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە نابێت منداڵ ناچاربکرێت تەنها یەک وەڵامی ڕاست بدۆزێتەوە، بەڵکو ئەرکی ماموستایە پانتاییەک بۆ منداڵ جێبهێڵێت تا خەیاڵەکانی بۆ دۆزینەوەی چەندین ئەگەر بەکاربهێنێت.

2. 5. 2 مۆدێلی چوار چینی داهێنان (the 4 P's of Creativity) لە نوسینی میل رۆدس (Mel Rhodes):

میل ڕۆدس مۆدێلێکی گشتگیری داهێنەری پەرەپێدا کە بە مۆدێلی چوار چینی ناسراوە، کە بریتییە لە: کەس، پرۆسێس، بەرهەم، فشاری ژینگە. ڕۆدس پێیوابو کە تێگەیشتن لە داهێنان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئەم چوار لایەنە پێکەوە هەیە، بەو پێیەی کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی دیاردەی داهێنەر لە قاڵب بدەن (رودس، 1961،305)

- کەسایەتی (Person): ئەمە پەیوەندی بە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی دروستکەرەوە هەیە، وەک سیفەتی کەسایەتی، توانای مەعریفی، پاڵنەر و ئەزمونەکان.
- پرۆسێس(Process): ئاماژەیە بۆ هەنگاوەکان یان قۆناغەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، وەک ئامادەکاری و پشتڕاستکردنەوە.
- بەرهەم(Product): تیشک دەخاتە سەر بەرهەمە بەرجەستە یان نابەرجەستەکانی داهێنان، کە دەبێت نوێ و بەسود و بەنرخ بن.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

• فشـــاری ژینگەیی(Press): نوێنەرایەتی ئەو بارودۆخە ژینگەیی و کولتوری و کۆمەڵایەتیانە دەکات کە کاریگەریان لەســـەر داهێنان هەیە، جا چ هاندەر بێت یان ڕێگریکردن.

جێبەجێکردنی ئەم مۆدێلە لە باخچەی منداڵاندا پێویستی بە مامۆستایان هەیە کە لە ڕوانگەیەکی گشتگیرەوە سەیری داهێنان بکەن: مامۆســتای داهێنەر (کەس) پرۆســەی فێرکردنی داهێنەرانە (پرۆســە) بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی کارە هونەری و بیرۆکەی نوێ لە منداڵان (بەرهەم)، هەمو ئەمانە لە چوارچێوەی ژینگەیەکی پۆلی پاڵپشت و هاندەر (فشاری ژینگەیی). ئەم مۆدێلە یارمەتی مامۆستایان دەدات بۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی هەمو لایەنەکانی داهێنان لە شوێنی پەروەردەیی خۆیاندا (نوفل، 2023،112)

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە مۆدێلەکەی (ڕۆدس) نەخشەڕێگەیەکی گشتگیر دەداتە دەست مامۆستایانی باخچەی منداڵان، وەک توێژەران جەخت لەوە دەکەینەوە کە هەر کەمکوڕییەک لە لایەنی (فشاری ژینگەیی) واتە ژینگەی پۆل، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەی کەسایەتی و پرۆســـەی داهێنان لە لای منداڵ، بۆیە ناکرێت تەنها داوا لە منداڵ بکەین داهێنەر بێت بەبێ ئەوەی ژینگەیەکی دەروونی و فیزیکی گونجاومان بۆ ڕەخساندبێت کە تێیدا هەست بە ئارامی بکات بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکە نوێیەکانی.

ســەرباری ئەوەی گیلفۆرد ســەرنجی خســتە ســەر لایەنی مەعریفی بیرکردنەوە، بەڵام مێل ڕۆدس بازنەکەی فراوانتر کرد بۆ ئەوەی لایەنی کەسایەتی و ژینگەی دەوروبەریش بگرێتەوە.

2. 6 توێژینەوەکانی پێشو:

2. 6. 1 توێژینەوەی (عبدالله،2019)

(کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی هۆشــیاری داهێنان لەســەر مامۆســتایانی باخچەی منداڵان) (برنامج تدريبي لتنمية الوعي بالإبداع لدى معلمات رياض الأطفال-في مدينة الرياض) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێوانەکردنی کاریگەری جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ڕاهێنانی چڕ بو لەســـەر پەرەپێدانی هۆشـــیاری داهێنان لە نێوان مامۆســـتایانی باخچەی منداڵاندا، نمونەی توێژینەوەکە لە (60) مامۆستای باخچەی منداڵاندا پێکهاتبو، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرابون بەسەر دو گروپدا: گروپێکی تاقیکاری (30) مامۆستا کە پرۆگرامی ڕاهێنانیان وەرگرتبو، و گروپێکی کۆنترۆڵ (30) مامۆســـتا کە پرۆگرامەکەیان وەرنەگرتبو، توێژەر پێوەری هۆشـــیاری داهێنانی بەکارهێناوە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان ئەم ئامرازە ئاماریانەی بەکارهێناوە، (ANOVA) بەکارهێنرا بۆ پێوانەکردنی جیاوازییەکانی نێوان گروپەکان دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە، جگە لە تاقیکردنەوەی t-test ی گروپە ســـەربەخۆکان بۆ بەراوردکردنی تێکڕای ئەدای دو گروپەکە لە دوای تاقیکردنەوەکەدا.

ئەنجامی توێژینەوە جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان تێکڕای نمرەکانی دو گروپەکە لە دوای تاقیکردنەوەی پێوەرەکانی هۆشـیاری داهێنان لە بەرژەوەندی گروپی تاقیکاریدا نیشـاندا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەری ئەرێنی بەرنامەی ڕاهێنان لە پەرەپێدانی هۆشـــیاری داهێنان لە نێوان مامۆستایاندا (عبدالله، 2019، 148)

2. 6. 2 توێژینەوەی (سعید،2020)

(پەیوەندی نێوان هۆشـــیاری لە داهێنان و پراکتیکی وانەوتنەوەی داهێنەرانە لە نێوان مامۆســـتایانی باخچەی منداڵاندا) (علاقة الوعي بالإبداع بالممارسات التدريسية لدى معلمات رياض الأطفال-مصر-) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی سروشـتی پەیوەندی نێوان ئاسـتی هۆشـیاری مامۆســتایانی باخچەی منداڵان بو لە داهێنان و ئاســتی پراکتیکی وانەوتنەوەی داهێنەرانەیان لە پۆلدا، نمونەی توێژینەوەکە (100) مامۆســـتای باخچەی منداڵان لە قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکان لە چەند شـــارێکدا لەخۆگرتبو، کە بەشـــێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران و چینبەندی کراون، توێژەر پێوەری هۆشـیاری داهێنانی بەکارهێناوە، ڕێژەی پەیوەندی پیرسـۆن بەکارهێنرا بۆ شـیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، ئەنجامەکان دەریانخســت پەیوەندییەکی بەهێز، ئەرێنی و لە ڕوی ئامارییەوە گرنگیان ئاشـکرا کرد لە نێوان هۆشـیاری داهێنان و ئاســتی پراکتیکەکانی فێرکردنی داهێنەرانە، ئەمەش پشـتڕاســتی دەکاتەوە کە ئەو مامۆســتایانەی کە زیاتر ئاگاداری داهێنانن مەیلیان هەیە ستراتیژی فێرکردنی داهێنەرانەتر بگرنەبەر (سعید، 2020، 88)

2. 6. 3 توێژینەوەی (علي،2021)

(ئاڵەنگاری بەردەم مامۆســـتایانی باخچەی منداڵان لە پەرەپێدانی داهێنان) (التحديات التي تواجه معلمات الروضـــة في تنمية الإبداع-فەلەستین) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵیدا دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەوڵەکانیان بۆ پەرەپێدانی توانا داهێنەرەکانی منداڵان، لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەســتنیشــانبکات، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (80) مامۆســتای

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

باخچەی منداڵان و (20) بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان، بە مەبەستی هەڵبژێردرابون بۆ دڵنیابون لە ئەزمونی جۆراوجۆر، ئامرازی توێژینەوەکە پشتی بە پرسیارنامەیەکی کراوە بەستوە، هەروەها چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، ئامرازی ئاماری شیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتی بەکارهێنرا بۆ شیکردنەوەی وەڵامەکانی پرسیارنامە و چاوپێکەوتنە کراوەکان، جگەلە ئاماری وەسفکەر (ماناوەندی و لادانەکانی ستاندارد) بۆ پۆلێنکردن و دیاریکردن، ئەنجامەکان تیشکیان خستە سەر کۆمەڵێک تەحەددا، گرنگترینیان بریتیبون لە: نەبونی سەرچاوە و ئامرازی پەروەردەیی کە پاڵپشتی داهێنان بکەن، کاتێکی سنوردار بۆ چالاکییە داهێنەرەکان بەهۆی چڕی پڕۆگرامەکانی خوێندن، نەبونی خولی ڕاهێنانی تایبەتمەند لە بواری پەرەپێدانی داهێنان، هەروەها نەبونی هۆشیاری کۆمەڵگا لە گرنگی داهێنان لە سەرەتای منداڵیدا (علي، 2021، 70)

2. 6. 4 توێژینەوەی (خديجة،2022)

(بەراوردکردنی ئاستی هۆشیاری داهێنان لە نێوان مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکان) (مقارنة الوعي بالإبداع بين معلمات رياض الأطفال الحكومية والخاصة-جزائر) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی جیاوازییەکانی ئاستی هۆشیاری داهێنان بو لە نێوان مامۆستایانی باخچەی منداڵان کە لە باخچە حکومییەکان کاردەکەن و ئەوانەی لە باخچە ئەهلییەکان کاردەکەن، نمونەی توێژینەوەکە (120) مامۆستای باخچەی منداڵانی لەخۆگرتبو، کە بە یەکسانی دابەشکرابون بەسەر (60) مامۆستای باخچە حکومییەکان و (60) مامۆستای باخچە ئەهلییەکان، کە بە نمونەگرتنی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرابون، توێژەر پێوەری هۆشیاری داهێنانی بەکارهێناوە، ئامرازی ئاماری تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمونە سەربەخۆکان بەکارهێنرا بۆ بەراوردکردنی ماناوەندی نمرەکانی دو گروپەکە لەسەر پێوەرەکانی هۆشیاری داهێنان، ئەنجامەکان ئاماژەیان بە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو نەکردوە لە ئاستی گشتی هۆشیاری داهێنان لە نێوان مامۆستایانی باخچە حکومی و ئەهلییەکان. بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو لە هەندێک ڕەهەندی لاوەکیدا لە بەرژەوەندی مامۆستایانی باخچە ئەهلییەکان بەدیکرا، بەتایبەتی لە ڕەهەندی "پشتیوانیکردنی ژینگەیەک کە هاندەری داهێنان" بێت، کە ڕەنگە بگەڕێنرێتەوە بۆ بەردەستبونی سەرچاوەی زیاتر یان نەرمی کارگێڕی لە هەندێک لە باخچە ئەهلییەکاندا(خديجة،2022، 118)

7.2 سودەکانی توێژینەوەکانی پێشو:

١ .دەوڵەمەندکردنی چوارچێوەی تیۆری: سودوەرگرتن لەو لایەنە تیۆرییانەی کە تایبەتن بە بابەتی توێژینەوەکە.

٢ .دارشتنی ئامانجەکانی توێژینەوەی ئیستا.

٣ .دیاریکردنی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە.

٤ .سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشو بۆ بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوە.

٥ .دەستنیشانکردنی گونجاوترین ڕێگا و ئامرازە ئاماریەکان بۆ شیکردنەوەی داتاکان.

٦. سودوەرگرتن لە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشو بۆ شیکردنەوە و گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئێستا، بە مەبەستی دەرخستنی لایەنە هاوبەشەکان و جیاوازییەکانی نێوانیان.

3. ڕێکارەکانی توێژینەوە:

3. 1 ڕێبازی تویژینەوە:

توێژەران ڕێبازی وەسفی شیکاریان بەکارهێناوە چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوە دەگونجێت، ڕێبازی وەسفی شێوازێکی توێژینەوەی زانستییە کە تیشک دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان بەو شێوەیەی کە لە واقعدا دەردەکەون، بەوردی وەسفکردن و دەربڕینیان هەم لە ڕوی چۆنایەتی هەم لەڕوی چەندایەتیەوە (همك &مصطفى، 2025،1609) ئەم ڕێبازە یەکێکە لە ڕێبازە باوەکانی زانستە پەروەردەییەکان کە بریتییە لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنیکی زانستی ڕێکخراو بۆ ناساندنی دیاردەیەک یان کێشەیەکی دیاریکراو (ملحم، 2002، 273)

3. 2 کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە هەمو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی بابەتی کێشەی توێژینەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتوە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک کە ژمارەیان (746) مامۆستایە دابەشبون بەسەر (15) باخچەی منداڵان بۆ ساڵی خوێندنی (2025-2024)، هەروەک دیارە لە پاشکۆی ژمارە (١)دا.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

3. 3 نمونەی توێژینەوە:

بە مەبەستی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە توێژەران بە شێوەی هەڕەمەکی نمونەی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد، لە باخچەکانی سەنتەری پارێزگای دهۆک کە پێکهاتوە لە (10%)ی کۆمەڵگە،کە دەکاتە (75)مامۆستا کە هەڵبژێردراون لە باخچەکانی (باخچێ بژارە پێ زاروکان، باخچێ گولزارێ زاروکان، باخچێ بینایێ زاروکان)، کە ئەمەش رێژەیەکی گونجاوە بۆ توێژینەوەی بواری پەروەردەو دەرونزانی بەپێی دوپاتکردنەوەی کەسانی شارەزا لە بواری پێوانەی دەرونی کە چەند رێژەی کۆمەڵگەی توێژینەوە زۆرتر بێ رێژەی هەڵە کەمتر دەبێت (Ebel, 1972, 76)

3. 4 ئامرازەکانی توێژینەوە:

دوای گەڕان و چاوخشاندنەوە بە ئەدەبیات و توێژینەوەکان بۆ دۆزینەوەی پێوەرێکی گونجاو بۆ نمونەی توێژینەوە توێژەران پێوەری هۆشیاری داهێنانیان لە پێوەری (المهداوي، 2010) وەرگرت کە پێکهاتوە لە (35) بڕگە، لیستی وەڵامدانەوەکانی پێوەر بەم شێوەیە(جێبەجێ دەبێت لەسەرم بە تەواوی(4)، جێبەجێدەبێت لەسەرم (3)، جێبەجێ دەبێت لەسەرم هەندێکجار(2)، هەرگیز جێبەجێ نابێت لەسەرم(1)، هەروەک دیارە لە پاشکۆی ژمارە (3)دا.

3. 5 ڕاستگۆیی ڕوانەتی:

ئامانج لە ڕاستگۆیی ئەوەیە پێوەر پێوانی ئەو شتە بکات،کە بۆی دانراوە نەک پێوانی شتێکی دیکە (العزاوي، 2008،94) بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕوانەت توێژەران هەستان بە دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەسەر (7) شارەزا لە بواری دەرونزانی و پەروەردەیدا هەروەک دیارە لە پاشکۆی ژمارە (2) دا، داوایان لێکرا بە تێبینییەکانیان لەسەر گونجاوی و نەگەنجاوی بڕگەکان و هەر گۆڕانکاریەک کە بەباشی دەزانن و پێشنیاری بکەن، دوای وەرگرتنەوەیان بەپێی پێشنیاری شارەزایان گۆڕانکاری لە بڕگەکاندا کرا و سەرجەم بڕگەکان مانەوە، هیچ بڕگەیەک لانەبراوە، بەڕێگای ڕاستگۆیی بەرچاو بە رێژەی (80%) بەپێی هاوکێشەی جی کۆپەر (بلوم، 1983،25).

3. 6 جێگیری:

جێگیری یەکیکە لە خاسیەتە سایکۆمەتریە گرنگەکان لە دوای ڕاستگۆیی پێوەر، توێژەران جێگیری بەڕێگای (الفا کرونباخ)یان بەکارهێناوە لەسەر نمونەیەک کە پێکهاتوە لە (30) مامۆستا لەدەرەوەی نمونەی توێژینەوە بۆ پیشاندانی دڵنیابونەوەی پێوەری جێگیری، بۆ وردبونەوەی وەڵامەکانی تاکەکانی توێژینەوە لەکاتی پرکردنەوەی پێوەرەکە، شیکردنەوەی ئاماری دەریدەخات بەهای (الفا کرونباخ) بەشێوەیەکی گشتی دەکاتە (0.78)، کە ئەمەش رێژەیەکی بەرزی جێگیرییە.

3. 7 جێبەجێکردنی پێوەر:

دوای دەرهێنانی تایبەتمەندی سایکۆمەتری پێوەر ئامادەکرا بۆ جێبەجێکردن لەسەر نمونەی توێژینەوە لەسەر (75) مامۆستا بە شێوەی کۆتایی لە باخچەی منداڵانی سەنتەری پارێزگای دهۆک، ماوەی جێبەجێکردنی پێوەر (15) ڕۆژ بو لە ڕێکەوتی (2025/2/3) بۆ (2025/2/17) و ماوەی وەڵامدانەوەی پێوەر تێکرا (20) خولەک بو.

3. 8 ئامرازە ئامارییەکان:

بە مەبەستی دەرهێنانی لایەنی ئاماری توێژینەوەکە توێژەر بەرنامەی (spss) بەکارهێناوە.

1-جی کوبر: بۆ دەرهێنانی رێژەی ڕازیبونی شارەزایان لەسەر بڕگەی پێوەر.

2-الفا کرونباخ: بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەر.

3-تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک سامپڵ: بۆ دەرهێنانی جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی.

4-تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو گۆڕاوی سەربەخۆ: بۆ دەرهێنانی جیاوازی لە ئاستی هۆشیاری داهێنان بەپێی گۆڕاوی

أ-بڕوانامە (دبلۆم-بەکالۆریۆس).

ب-پسپۆڕی (باخچەی منداڵان –پسپۆڕییەکانی تر).

پ-ساڵانی خزمەت (15 و کەمتر-زیاتر لە 15).

4. پیشاندان و گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان:

4. 1 زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای دهۆک.

دوای بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان، ئەنجامەکان دەریانخست،کە ناوەندەژمێرەیی هۆشیاری داهێنان بەشێوەیەکی گشتی لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(100.64) بە لادانی پێوەری (13.34)،کە ناوەندەژمێرەی بەدەستهاتو گەورەترە لە لە ناوەندی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

گریمانەیی،کە بریتییە لە (88) و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ یەک نمونە (one sample t-test) دەرکەوت، کە نرخی (T-test)ی هەژمارکراو یەکسانە بە (8.204)، کە گەورەترە لە نرخی (T-test)ی خشتەی (1.992)بە بەهای بەڵگەداری (0.05) دەردەکەوێت،کە هۆشیاری داهێنان لای نمونەی توێژینەوە لە ئاستێکی بەرزدایە هەروەک لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (1)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری ناوەندی گریمانەیی بەهای تائی هۆشیاری داهێنان لای نمونەی توێژینەوە

ژمارە	ناوەندی ژمێرەی	لادانی پێوەری	ناوەندی گریمانە	نرخی تائی		بەهای بەڵگەداری
				خشتەی	هەژمارکراو	
75	100.64	13.34	88	1.992	8.204	0.05

هەروەک ئەنجامەکان دەریانخست کە ئاستی هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەم ئاستە بەرزەی هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایان دەگونجێت لەگەڵ تیۆری (گیلفورد) کە جەخت لەسەر بیرکردنەوەی جیاواز دەکات بەرزبونەوەی نمرەی مامۆستایان وا نیشاندەدات کە ئەوان تێگەیشتنی باشیان هەیە بۆ پێکهاتەکانی داهێنان هەروەها لەگەڵ ڕەهەندەکانی ڕۆدس دەگونجێت کە دەریدەخات مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک خاوەن تایبەتمەندی مەعریفی و پاڵنەری پێویستن بۆ پرۆسەی داهێنان، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پشتگیری توێژنەوەی (عبدالله،2019) دەکات.

4. 2 زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای دهۆک بەپێی گۆڕاوی:

أ-بڕوانامە (دبلۆم-بەکالۆریۆس).

بۆ زانینی جیاوازی ئاستی هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە توێژەران ناوەندە ژمێریاری و لادانی پێوەریان بۆ نمونەی توێژینەوە دەرهێناوە کە ژمارەیان (46) دبلۆم (29) بەکالۆریۆس بو، ناوەندەژمێرەیی خاوەن بڕوانامەی دبلۆم (101.15) بە لادانی پێوەری (12.40)، ناوەندەژمێرەیی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس (99.83) بە لادانی پێوەری (14.92)، بۆ زانینی جیاوازی نێوان هەردو ناوەندی ژمێرەیی توێژەران تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو سامپڵ بەکارهێناوە، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن جیاوازی ئاماری نییە لە نێوان ناوەندە ژمێریاری نمرەکانی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم-بەکالۆریۆس)، چونکە بەهای تائی هەژمارکراو (0.416) کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی (1.993) بە نمرەی ئازاد (73) لە ئاستی بەهای بەڵگەداری (0.05) هەروەک لە خشتەی ژمارە (2) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (2)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بەهای تائی هەژمارکراو خشتەیی بۆ نمرەی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم-بەکالۆریۆس)

بڕوانامە	نمونەی توێژینەوە	ناوەندە ژمێرەی	لادانی پێوەری	نرخی تائی		بەهای بەڵگەداری
				هەژمارکراو	خشتەیی	
دبلۆم	46	10.15	12.40	0.416	1.993	0.05
بەکالۆریۆس	29	99.83	14.92			

ئەنجامەکان وا نیشان دەدەن کە جیاوازی ئاماری نییە لە نێوان مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە دهوك بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم -بەکالۆریۆس)، ئەم ئەنجامە لەگەڵ جەوهەری تیۆری گیلفۆرد یەکدەگرێتەوە، کە داهێنان وەک توانا و شێوازێکی بیرکردنەوە دەبینێت نەک تەنها وەک ئەنجامی خوێندنی ئەکادیمی درێژخایەن، ئەزمونی پراکتیکی و کارلێک لەگەڵ منداڵاندا بوەتە هۆی دروستبونی ئاستێکی هاوشێوە لە هۆشیاری داهێنان، ئەم ئەنجامە هاوشێوەی توێژینەوەی (خدیجە، 2022)ییە.

ب-پسپۆڕی (باخچەی منداڵان –پسپۆڕییەکانی تر).

بۆ زانینی جیاوازی ئاستی هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی توێژەران ناوەندە ژمێریاری و لادانی پێوەریان بۆ نمونەی توێژینەوە دەرهێناوە کە ژمارەیان (22)مامۆستا لە پسپۆڕی باخچەی منداڵان و (53) مامۆستا لە پسپۆریەکانی تر، ناوەندەژمێرەیی مامۆستایان لە پسپۆڕی باخچەی منداڵان (102.91) بە لادانی پێوەری (15.66)، ناوەندەژمێرەیی مامۆستایان لە پسپۆڕی تر(99.70) بە لادانی پێوەری (12.30)، بۆ زانینی جیاوازی نێوان هەردو ناوەندی ژمێرەیی توێژەران

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو ســـامپڵ بەکارهێناوە، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن جیاوازی ئاماری نییە لە نێوان ناوەندە ژمێریاری نمرەکانی مامۆســتایان بەپێی گۆڕاوی پسـپۆڕی (باخچەی منداڵان –پسـپۆڕییەکانی تر) چونکە بەهای تائی هەژمارکراو (0.948) کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی (1.993) بە نمرەی ئازاد (73) لە ئاستی بەهای بەڵگەداری (0.05) هەروەک لە خشتەی ژمارە (3) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (3)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بەهای تائی هەژمارکراو خشتەیی بۆ نمرەی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی (باخچەی منداڵان-پسپۆڕییەکانی تر)

پسپۆری	نمونەی توێژینەوە	ناوەندە ژمێرەی	لادانی پێوەری	نرخی تائی		بەهای بەڵگەداری
				هەژمارکراو	خشتەیی	
باخچەی منداڵان	22	102.91	15.66	0.948	1.993	0.05
پسپۆرییەکانی تر	53	99.70	12.30			

ئەنجامەکان دەریان خست کە جیاوازی نییە لە نێوان مامۆستایان بەپێی پسپۆڕی (باخچەی منداڵان –پسپۆرییەکانی تر) لە سەنتەری پارێزگای دهوك لە ئاستی هوشیاری داهێنان، ئەم ئەنجامە لەگەڵ مۆدێلی چوار چینی میل ڕۆدس یەکدەگرێتەوە، ڕۆدس پێیوایە داهێنان کارلێکێکە لە نێوان (کەس، پرۆسە، بەرهەم، و فشار)، نەبونی جیاوازی نێوان پسپۆرییەکان نیشانی دەدات کە "هۆشیاری داهێنان" زیاتر پەیوەستە بە تایبەتمەندییە کەسییەکان و پاڵنەرە ناوەکییەکان، نەک تەنها ئەو زانیاریە پسپۆرییەی کە تاک لە قۆناغی خوێندندا وەریگرتوە.

هەروەها لە ڕوانگەی تیۆری گیلفۆرد بیرکردنەوەی جیاواز توانایەکی مەعریفی گشتییە کە دەکرێت لە هەر پسپۆرییەکدا هەبێت، و مامۆستایانی پسپۆرییەکانی تریش وەک ئەوانەی باخچەی منداڵان خاوەنی ئەو توانایەن کە بیرۆکەی نوێ و فرەچەشن بەرهەم بهێنن، ئەم ئەنجامە هاوشێوەی توێژینەوەی (سعید،2020) و (علی،2021).

ج-ساڵانی خزمەت(١٥ و کەمتر-زیاتر لە ١٥).

بۆ زانینی جیاوازی ئاســتی هۆشــیاری داهێنان لە لای مامۆســتایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی ســاڵانی خزمەت توێژەران ناوەندە ژمێریاری و لادانی پێوەریان بۆ نمونەی توێژینەوە دەرهێناوە کە ژمارەیان (29)مامۆستا کە لە 15 و کەمتر خزمەتیان هەیە (46) مامۆستا کە خزمەتیان زیاترە لە 15 ساڵ،ناوەندە ژمێرەیی مامۆستاین کە لە 15 و کەمتر خزمەتیان هەیە (91.90) بە لادانی پێوەری (11.74)، ناوەندە ژمێرەیی مامۆستاین کە لە 15 ساڵ زیاتر خزمەتیان هەیە (106.15) بە لادانی پێوەری (11.26)، بۆ زانینی جیاوازی نێوان هەردو ناوەندی ژمێرەیی توێژەران تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو ســـامپڵ بەکارهێناوە، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێریاری نمرەکانی مامۆســـتایان بەپێی گۆڕاوی ســـاڵانی خزمەت (15 و کەمتر-زیاتر لە 15)، چونکە بەهای تائی هەژمارکراو (5.254) گەورەترە لە بەهای تائی خشـتەیی (1.993) بە نمرەی ئازاد (73) لە ئاسـتی بەهای بەڵگەداری (0.05) هەروەک لە خشـتەی ژمارە (4) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (4)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بەهای تائی هەژمارکراو خشتەیی بۆ نمرەی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت (15 و کەمتر-زیاتر لە 15)

ساڵانی خزمەت	نمونەی توێژینەوە	ناوەندە ژمێرەی	لادانی پێوەری	نرخی تائی		بەهای بەڵگەداری
				هەژمارکراو	خشتەیی	
15 و کەمتر	29	91.90	11.74	5.254	1.993	0.05
زیاتر لە 15	46	106.15	11.26			

ئەنجامەکان دەریانخست کە جیاوازی هەیە لە نێوان مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لەبەرژەوەندی ئەو مامۆستایانەی کە زیاتر لە (١٥)ساڵ خزمەتییان هەیە، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە هۆشیاری داهێنان تەنها بە خوێندنی ئەکادیمی (وەک لە ئەنجامی بڕوانامە و پسپۆڕیدا بینیمان) دروست نابێت، بەڵکو ئەزمونی درێژخایەن فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

لە ڕوانگەی مۆدێلی میل ڕۆدس بە تێپەڕبونی کات گەشە دەکات مامۆستای خاوەن ئەزمون لە ڕێگەی کارلێکی بەردەوام لەگەڵ منداڵان و ڕوبەڕوبونەوەی کێشە جیاوازەکان، توانای (نەرمی و ڕەسەنایەتی) لای گەشە دەکات کە لە تیۆری گیلفۆرددا ئاماژەپێکراوە. مامۆستایانی دێرین باشتر فێربون چۆن لە چوارچێوەی "فشاری ژینگەیی"دا چارەسەری داهێنەرانە بدۆزنەوە،ئەم ئەنجامە هاوشێوەی توێژینەوەی (عبدالله،2019) و (سعید،2020).

توێژینەوەکەی ئێستا دەریخست کە مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە دهۆک بە گشتی خاوەن هۆشیاریەیەکی بەرزی داهێنانن،لە کاتێکدا بڕوانامە و پسپۆڕی جیاوازییەکی بەرچاویان دروست نەکرد، بەڵام 'ئەزمونی پیشەیی' (ساڵانی خزمەت) ڕۆڵی سەرەکی هەبو لە بەرزکردنەوەی ئەم هۆشیاریەیە،ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هۆشیاری داهێنان لای مامۆستایان پێویستی بە کات و کارلێکی مەیدانی هەیە، بۆیە، پێویستە سود لە ئەزمونی مامۆستایانی دێرین وەربگیرێت بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی نوێ، وەک ئەوەی لە تیۆرییەکانی گیلفۆرد و مۆدێلی ڕۆدس بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی داهێنەر جەختی لێکراوەتەوە.

5. دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان:

5. 1 دەرئەنجامەکان:

١-هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢-جیاوازی نییە لە ئاستی هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە.

٣- جیاوازی نییە لە ئاستی هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی.

٤- جیاوازی هەیە لە ئاستی هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لە بەرژەوەندی ئەو مامۆستایانەی کە خزمەتیان لە (15) سال زیاترە.

5. 2 ڕاسپاردەکان:

١-پێویستە وەزارەتی پەروەردە زیاتر گرنگی بدات بەو مامۆستایانەی کەوا لەگەڵ منداڵان ئیش دەکەن بە کردنەوەی کۆڕو سیمینار بە بەردەوامی بۆ کردنەوەی بیری مامۆستایان لە بەرەو پێش بردنی تواناکانیان.

٢-دەرفەت بۆ هەمو مامۆستایان بکرێتەوە کە توانای کارکردنیان باشە لەگەڵ منداڵاندا.

٣-جەختکردنەوە لە پسپۆڕی وردی مامۆستایان بۆ ئاراستەکردنی منداڵان بۆ داهێنان لە ئاستە جیاوازەکان.

٤-مانەوەی ئەو مامۆستایانەی کە ئەزمونی زۆریان هەیە لە باخچەکان بۆ ڕێنمایکردنی ئەو مامۆستایانەی کە ئەزمونیان کەمترە جا چ وەک (سەرپەرشتیاری گشتی یان وەک مامۆستا).

5. 3 پێشنیارەکان:

١-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆشیاری داهێنان لە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆشیاری داهێنان و پەیوەندی بە بڕوا بەخۆبون لای مامۆستایان لە پارێزگاکانی کوردستان.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆشیاری داهێنان لە لای نمونەکانی تری ناو کۆمەڵگا.

سەرچاوەکان:

الرفاعی، م.، 2021. تنمية الإبداع والابتكار الشخصي. عمان: دار اليازوري العلمية.

العتيبي، س.، 2021. الفضول المعرفي وتنمية الإبداع. الرياض: دار الخريجي.

العزاوي، ر.، 2008. منهج البحث العلمي. عمان: دار الدجلة.

المهداوي، إ. م. م.، 2010. الوعي بالإبداع وعلاقته بالأسلوب المعرفي ونمطي الشخصية لدى طلبة الجامعة. اطروحة دكتوراه غير منشورة, جامعة بغداد.

المهدي، ز.، 2020. قوة التأمل والتفكير الحر. ديمشق: دار القلم.

بلوم، ب. و.، 1983. تقييم تعليم الطالب التجميعي او التكوين. القاهرة: دار ماكجرو هيل.

جمال، ط.، 2017. مفهوم التفكير التباعدي وتطبيقاته في المناهج التعليمية. المجلة العربية للتربية، المجلد 3(25)، .pp. 85-99

جيلفورد، ج.، 1967. طبيعة الذكاء البشري. القاهرة: دار ماكجرو هيل.

حسن، و.، 2020. النمو الشخصي وبناء الذات. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

خديجة، س.، 2022. مقارنة الوعي بالإبداع بين معلمات رياض الأطفال الحكومية والخاصة.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

رودس، م.، 1961. نظريات الابداع. مجلة علم النفس التربوي، المجلد 4(52)، .pp. 305-312
سالم، ر.، 2017. التفكير النقدي وحل المشكلات. القاهرة: مكتبة النهضة.
سامی، د.، 2023. الوعي بالإبداع كضرورة لتمكين معلمة الروضة. مجلة التربية الحديثة، المجلد 2(15)، .pp. 70-80
سعيد، ن.، 2020. علاقة الوعي بالإبداع بالممارسات التدريسية لدى معلمات رياض الأطفال. مجلة جامعة القاهرة للدراسات التربوية، المجلد 1(38)، pp. 88-100.
عبدالله، م.، 2019. برنامج تدريبي لتنمية الوعي بالإبداع لدى معلمات رياض الأطفال. المجلة المصرية للدراسات التربوية، المجلد 2(45)، .pp. 148-160
علي، ح.، 2021. التحديات التي تواجه معلمات الروضة في تنمية الإبداع. مجلة الدراسات الإنسانية، المجلد 1(18)، .pp. 70-85
فارس، ح.، 2018. الإبداع المجتمعي وحل المشكلات العالمية. بيروت: دار الفارابي.
فاطمة، ل.، 2020. أهمية الوعي بالإبداع في تطوير الممارسات التعليمية. مكان غير معروف، .pp. 45-55
كريم، أ.، 2016. تنمية التفكير التباعدي لدى أطفال الروضة. مجلة الدراسات التربوية والنفسية، المجلد 2(8)، .pp. 90-105
كوفمان، ج.، 2006. الابداع. كاليفورنيا: معهد ابحاث التعلم.
ملحم، س.، 2002. قياس و تقويم في التربية و علم النفس. عمان: دار المسيرة.
نوفل، أ.، 2023. نموذج P’s4 للإبداع: تحليل وتطبيقات. مكان غير معروف، .pp. 105-120
همك، ر. س. و مصطفى، ي. ح. ص.، 2025. قياس سلوك المخاطرة لدى المراهقين. گوڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، المجلد 6(12)، .pp. 1597-1616
Bruch ،C. B. .1988 ،Metacreativity: Awareness of thoughts and feeling during creative experiences. Journal of Creative Behavior ،المجلد 22(2)، pp. 112-122.
Ebel ،R. L. .1972 ،Essentials of Educational Measurement. New Jersey: Prentice-Hall.

پاشکۆی ژمارە (1)

ناوی باخچەکان لەگەڵ ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای دهۆک

ژ	ناوی باخچەکان	ژمارەی مامۆستایان
1	باخچێ بژارە یێ زاروکان	33
2	باخچێ هێلین یێ زاروکان	35
3	باخچێ گولزار یێ زاروکان	65
4	باخچێ سولین یێ زاروکان	34
5	باخچێ تیروژک یێ زاروکان	55
6	باخچێ بشکوژ یێ زاروکان	46
7	باخچێ چیمەن یێ زاروکان	38
8	باخچێ زەری یێ زاروکان	56
9	باخچێ کەپر یێ زاروکان	83
10	باخچێ دافین یێ زاروکان	29
11	باخچێ سیما یێ زاروکان	66
12	باخچێ دهوک یێ زاروکان	35
13	باخچێ بینا یێ زاروکان	62
14	باخچێ بەیبین یێ زاروکان	65
15	باخچێ شەنگ یێ زاروکان	44
کۆی گشتی		746

پاشکۆی ژمارە (2)

لیستی ناوی شارەزایان وبسپۆڕی وناسناوی زانستی

ژ	ناوی سیانی	بسپۆڕی	ناسناوی زانستی	شوێنی کارکردن
1	د.چاچان جمعه محمد	دەروناسی گەشەکردن	پرۆفیسۆر	زانکۆیا دهۆک/ کولێژا پەروەردا بنیات
2	د.سلوی احمد امین	پێوانە و هەلسەنگاندن	پرۆفیسۆر	زانکۆی سەلاحەددین /کولێژی پەروەردەی بنەڕەت

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

3	د.سينا احمد علي	دەروناسی پەروەردەیی	پرۆفیسۆری یاریدەدەر	زانکۆی سەلاحەددین /کولێژی پەروەردەی بنەڕەت
4	د.بان صالح يحيى	دەروناسی پەروەردەیی	پرۆفیسۆری یاریدەدەر	زانکۆی سەلاحەددین /کولێژی پەروەردەی بنەڕەت
5	د.ڤیان حسن محمد	ڕێگاکانی وانەوتنەوە	ماموستا	زانکۆیا دهۆک/ کولیژا پەروەردا بنیات
6	د. رضوان صديق سعيد	ڕێنمایکردنی دەروونی	ماموستا	زانکۆیا دهۆک/ کولیژا پەروەردا بنیات
7	م.هلات محمد نعمان	پەروەردەی تایبەت	ماموستا	زانکۆیا دهۆک/ کولیژا پەروەردا بنیات

پاشکۆی ژمارە (3)

برگەکانی پێوەری هۆشیاری داهێنان

ت	الفقرات	تنطبق على تماما	تنطبق على	ينطبق على احيانا	لاينطبق على ابدا
1	لدي القدرة على تنظيم أفكاري بسرعة				
2	أميل إلى معارضة الأنظمة والقوانين داخل الروضة				
3	اعبر عن رأيي بحرية وتلقائية				
4	اسعى بما يدور حولي من أمور				
5	لدى التزام بأداء واجباتي الدراسية والتصميم على انجازها				
6	تزيد معلوماتي عن طريق المناقشة مع زملائي				
7	أطبق ما اتعلمه في جوانب الحياة المختلفة				
8	عندما تواجهني مشكلة ما انعزل في مكان بعيد عن الآخرين				
9	اتعامل مع المعلومات حسب أهميتها				
10	أبحث عن العلاقة السببية بين الأشياء				
11	تتسارع دقات قلبي عند مواجهتي أية مشكلة				
12	ارتجف خوفا عندما أكون بين مجموعة من الناس				
13	أميل إلى الهدوء والنظام				
14	عندما أنتج بعض الحلول للمشكلة أعطي نفسي بعض الوقت لأتأمل الحماس لهذا الحل دون غيره				
15	اتسامح مع ما أواجه من أفكار متناقضة من الآخرين				
16	أتطلع إلى المستقبل بتفاؤل				
17	اشعر باني امتلك روح الدعابة والمرح				
18	ابدا بالتوافق مع البيئة التي أكون فيها				
19	استمع إلى أراء وأفكار الآخرين واحترمها				
20	تحفزني الأشياء الغامضة وتدفعني إلى البحث والمعرفة				
21	اتحدي المواقف والمشكلات الصعبة				
22	احدد وانظم الخطوات المتعلقة بحل المشكلة				
23	لدي القدرة على التنبؤ بالمشكلات قبل حدوثها				
24	آميز بين ما هو حقيقي وما هو زائف من الأشياء				
25	اعبر عن مشاعري بشكل مباشر				
26	لدى القدرة على استشفاف أفكار الآخرين				
27	استغرق وقتا طويلا في التفكير عن أسباب عجزي في فهم بعض جوانب المشكلة				
28	أميز بين الأفكار التي تقود إلى حلول جديدة				
29	لدى القدرة على توليد عدد كبير من الأفكار لمواجهة مشكلة طارئة				
30	لدي القدرة على تركيب أشياء جديدة من عناصر قديمة				

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

31	لدى القدرة على تحويل مسار الأفكار حسب ما يقتضيه الموقف				
32	اتعامل مع المشكلات المعقدة بصبر				
33	اشعر بتقلب مزاجي				
34	أرى نفسي باني أكثر نشاطاً عند مواجهتي المشكلة تتحدى قدراتي				
35	اجمع بين الجد والمرح في الوقت نفسه				

*پێوەری هۆشیاری داهێنان بە زمانی عەرەبی لەسەر نمونەی توێژینەوە جێبەجێکراوە.